# کەرنەڤاڵی مردن لە عەرعەردا

بەم مەراقەی شیعرەوە
بە تاسەی شەپۆڵێ لە خەمی سووتان
تەعبیری کامێرەی شیعرم دەگەڕێ
تا بەحەرفێك لە بارانی ئازار و
گەڵایەك لە داری مردن ، وێنە بگرێ
بۆئەوەی واعیزێکی ئەو کاتەی سەرمینبەر
یا سەربازێکی دەست بە شمشێر
لەیەکەم لەحزەی بینینیان
لە ئەلبومی ویژدانی کچێکی گەرمیان
لە داخە بمرن و، بتلێنەوە
بەم ئازارەی شیعر و
خەمی ڕوونی وشەمەوە
دوای مەست بوونم بە گریانی
ئەو باڵدارانەی
کە لە خەمی منداڵانی دەست بەدارلاستیك
لە بەکرەجۆوە هەڵاتبوون بۆ کفری
لەوێ خۆیان بینی بوویان
لە ژێر پۆستاڵی عەسکەرێکی ڕەشتاڵە
مناڵێکی شیرەخۆرەی مەمك مژە
چۆلەکە ئاسا
بەئاوازێکی غەمگینەوە دەیزریکان
تا مردوو ڕووحی چوو بۆ کەشکەڵان
هەر ئەوانیش بۆ شەوەکەی
دەیانلێستەوە و ، هەر بەمردوویش خواردیان
سەگە برسیەکانی ڕۆخ ماڵیان!
پێم بڵێن ئەی هاوڕێیان
ئەی مامە خەمەی شیعری من
چۆن بتوانم بەم کامێرە شڕەمەوە
ئەم هەموو وێنەیە بگرم؟
ئاخر هەزارانیان
هەر شنەیەکە لە بارۆڤەیەکی تووڕە و
هەر تنۆکێکە لە دەریای ئازار و
تەنیا دڵۆپێکە لە بارانی گڕگرتوو
هەر حەرفێکە لە قەسیدەی مردن و
تەنیا زریکەیەکە لە ڕۆمانی ڕاپێچان.
هاوڕێیان و مامە خەمە گیانەکەی من
لێم ببوورن
هەر تەنیا چەند وێنەیەکتان نیشان دەدەم
نەکا ئێوەش وەك من خەوتان زڕێ و
هەر ئازاریش خۆی
بەدەستە غەمگینەکەیەوە
فرمێسکتان بۆ بسڕێ.
وێنەی یەکەم: چیرۆکی فریشتەیەکی فیرار
منداڵێکی ئەنفالکراوی بارزان وتی:
ئەو شەوەی من ڕزگارم بوو
لای هۆڕاوێك
هەرنەمزانی کوێی زەمین بوو
لەترسی شەو
خۆم لوول ومات کردبوو
درەنگانێ فریشتەیەکی فیرار
هێند ماندوو
هەر بە ئاستەم قسەی بۆ دەکرا
پێی وتم: من هاتووم ببم بە هاوڕێی تۆ
ئاخر هەڵاتووم لە عەرشی خودا و
گەر گومانیشت لێم هەیە
ئەوە بمبوورە
دەفتەری خدمەکەشم لەیاد کردووە!
چونکە ئەمڕۆ خودا گەلێ تووڕە
کاتێ بینی
بەناوی ئەو ئایەتەی
خۆی ناوی ناوە ئەنفال و ڕاپێچان
چەند عەسکەرێکی پێ پەتی لە بیابان

بە تەفسیرێکی هەڵەوە
بەندەی ئەویان لەخۆڵ دەنان
هەر بەرلەوەی وادەی دەور و تەسلیمیان هاتبێ!
بەڵێ هاوڕێی خۆم
ئەوەی خودای هێندەی تر توڕەتر کرد
ئەم پێ پەتیانە دوای لە چاڵنانی ئەم کوردانە
لەوانەش باوك ودایکی تۆ
نامەی خۆیان پڕ شانازی بۆ خودا دەنارد!
تا لەتاوی ئەم تاوانە و
توڕەبوونەی عەرشی خۆی لەرزاند
ئەوە هەر من نیم هەڵاتووم ، بەڵکو گشتمان
ئێستە هەریەکێك لە ئێمە دەچینە لای
بێ باوکێ ، یا بێوەژنێ ، یا تازە بوکێ
تا بپاڕێینەوە لێیان
ئێمە نەبووین جەوازی مردنی ئەوانمان مۆرکرد
لێمان خۆشبن ........... ئێمە نەبووین!
وێنەی دووەم: مەست بوونی ئەستێرە
ئاوێنەیەکی ڕزگاربووی گەرمیان
لە عەمەلیەی ئەنفالی یەکەمدا
بۆ شانەی دەستە خوشکی دەگێڕایەوە
شەوێك لە ئاخر وئۆخری مانگی بەهاردا
کۆمەڵێ ئەستێرە
لەم بیابانەی باشوورەوە
گێژ بەدەوری پنچە گیاییەك ئەخولانەوە
من خۆم لێم نەپرسین و
نەچووم بەلایانەوە
لە جێی خۆم
حەرفێك لەناوی کەلارم بە قاسید نارد
کە هاتەوە لای پنجە گیاوە
شێوەی سەیر و کولم بە خوێن
ئیمانت بێ خوشکی هاوڕێ ، نەمناسیەوە
ئەمە تومەز پنجە گیا خەڵکی لای خۆمان بووە و
ئێ حەرفەکە ناسیبوویەوە و دڵداریەتی!
دوای ڕامووسان و لە خوێن گەوزین
بە زۆرە ملێ ناردبوویەوە
پێی وتبوو ، لەم غەریبیەی ئێرە مەمرە!
برۆ بۆ تۆبزاوە
خۆشترین شوێن بە لای خواوە.
وێنەی سێیەم: شەوەی سووری خاك
مشتێك لە خۆڵی عەرعەر
کە گەردەلوولی وەرزکەری بیابان
ڕاپێچی کردبوو
بۆ دەشتە گەرمەکەی گەرمیان
لەسەر تەپۆڵکەیەك ڕاوەستابوو و
تا بۆی کرا خەڵکەکەی ئەوێی کۆ کردەوە و
دوای بە دەنگێکی بەرز
ڕایدەدێرا و سوێندی خوارد:
منم شایەتی ڕووسووری ئەو بووکانەم
کەبەتارای سپییەوە لێرەوە هاتبوون
تا لەگەڵ خاکی زاوی مندا
مانگی هەنگوینیان بەرنەسەر!
وێنەی چوارەم: خەنەبەندانی خۆڵ
دوای چەند ساڵێ
لەم هەموو لە خۆڵنانەی سنۆبەرەکان
زستانێك لە بیابان
هێند وشك و نەهاتبوو
کاتێ گەردە خۆڵ وبەچکە وشتر و
دڕکەکانی ئەوێ ، ویستیان نوێژی بارانە دابەستن
هەر زوو هەورێ لەوێ وتی:
چیتر دوعا مەکەن ، من زات ناکەم
تەنیا دڵۆپێکیتر ئاونگ بارێنمە سەر عەرعەر
هەرپارساڵ بوو
سەیرکەن هەر لەوێ
کاتێ ئەم دڕکە بە ئاونگی من شین بوو
لەجێی پەلك
ناولەپی کچێکی بەخەنەی چەمچەماڵ
هاتبووە دەرێ!
بەمەکرەوە پێی دەوتم:
ئەوە دەستم وشك بۆتەوە
نازانم بۆ زاوام نایێ؟!!

وێنەی پێنجەم: ژوان
پیرەژنێك عومر درێژ
لەبەردەم ئاوێنەی مێژوودا
چاو بەئاونگ و دڵ پڕکەسەر و
دەست میهرەبانی بە لۆچ
بەپەنجەی ئازار
پرچی سپی شانە دەکرد
لەپڕهاتەوە بیری
کاتێ ئەوانیان بردە نوگرەسەلمان
دوای عەسر بوو ، درەنگانێ
کیژێکی قژ ڕەشی قەترانی
پێی وتبوو:
-دایە حاجی شانەت لایە ؟
ئەیرۆ کچم شانەت بۆ چییە؟!
-قژ دادێنم !
جاکەس بۆ مردن قژی داهێناوە؟
ئاخر نەوەك ئەمشەو
دڵدارەکەم بێتە خەونم!!
وێنەی شەشەم>:وێنە هەواڵ<
لەنێودیرۆکی ئاژانسەکانی هەواڵ گەڕام
هێندە وێنە هەواڵی بلاّونەکراوەم دۆزییەوە
نازانم چۆن ئەوکات
ئەم ئاژانس بەدەستانە
ئەم وێنانەیان بەخەتی درشت نەکردووە بە
سەردێر و
نازانم چۆن شەرمیان نەکردووە و
بلاّویان نەکردۆتەوە
یان هەرهیچ نەبووایە
لە تابلۆی پۆستەی خوێنەراندا
هەڵیان بواسیبایە!
ئەمانەش هەندێکیانە لەو وێنانە
کە ویژدان لەسەر شێوەی سیخوڕێك بۆی هێنام!!
وێنە هەواڵی یەکەم:
ئەو کاتەی خۆڵی عەرعەر
خۆی دەکردە

نێوچاوانی کوڕانی سەلاحەددین و
دوای کوێر بوونیان دەیکوشتن
هەر لە دووری چەند فەرسەخێ
عروبە و (لا ئیکراە فی الدین) و
لافرق بین عەرەبی و عجمی
لەگەڵ کوڕەکانی قەعقاع و معاویە
لە سەیرانگای شەرم وشێخدا
هێند ئاوی شەعیریان خواردبووەوە
هەلەکسەمایان بوو و
عەگالەکانیان با ئەدا!
وێنە هەواڵی دووەم:
ئەوساتەی هەڵەبجە
گازی خەردەلی بۆن کرد و
بالیسان وسەوسێنان
دەمیان نابووە قاپێ شەڕابی سێو و
دوای سەمایێ ، بەپێوە مردن
دیموکراسی نێرگەلەیەك بەدەست
دوکەڵی بێئاگایی هەڵدەمژی
ئازادیش لەباری مەستیدا
دەست لەملانێی جوانکیلەیەکی
بالاّبەرز و قژ زەردی ئەڵمانی بوو!
مافی مرۆڤیش
لەگەڵ سکرتێری یوئێندا
لەتیاترۆیەکی ڤینیسیا
لەنێولینگی سۆزانیەکی فەرەنسی بوو!
دادپەروەریش
لەلای زەریای ئەتلەسیدا
نزیك بە نیوەڕۆك
بەرووتی خۆی دابووە بەر خۆر و
لەپاڵ ژنێکی سویسرایی خەوی لێکەوتبوو!
وێنە هەواڵی سێیەم:
منداڵێك بوو، ئاشقە تەیرو ئاسۆی ناوبوو
خەڵکی دێیەکی ئەنفالکراوی کەرکووك و
بولبولێکی زەردی ڕام کردبوو
کاتێ ویژدان

لەکۆبوونەوەی وڵاتانی ئۆپێك
باسی دۆلاری دەکرد و
گاڵتەی بە کتێبی (سەرمایە) و
وتەکانی (گاندی) دەهات
لەهەمان ساتدا
ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش
لەگەڵ شاژنی بەریتانیا
لەلایەن (ناتۆ) وە داوەتنامەیان بۆ هاتبوو
تا بچن بۆ بەرلین،
بۆئەوەی سەیری فیلمی (باڵندە و منداڵە
جوانەکە) بکەن و
شامپانیا بخۆنەوە!
ئاسۆ لە ژێر خۆڵدا ، چاوی کوێر و
دوا هەناسەی مردنی دەدا!
بولبوولی پیر تا ئەوێ ساڵێ
هەر لای پیرە پیاوێکی ناوچەی (شوان) بوو
کاتێ باسی ئەنفال دەکرا
هەر ئەوەندەی دەگووت:
منیشیان برد ، دەمە و نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو
ئاسۆ هات و لەقەفەزدا دەری هێنام
خێرا لەگیرفانەکەی شەرواڵی خۆی
من نازانم بەندی کردم و!
عەیامێك ڕۆیشتین
تا گوێم لێبوو لە پشتی زیلەوە
دەستیان کرد بەگریان و لەزمانیان گەیشتم
ئێرە بیابانە و
بەرانبەرمانە قەلای نوگرە سەلمان!
ئیدی وابوو ئاسۆ منی بەڕەڵلا کرد
هەر فڕیم و فڕیم
تا لەئەنجامدا خۆم بینیەوە
لەسەر چڵی دارێك پشوومدەدا
ئەم مامەیە بێ ئاگا لەوەی من لە کوێوە
هاتوومەوە
منی گرت و بەندی کردم!

ئاخر من شایەتم لەجێگای ئەوەی
لەدادگابم ، لەقەفەزدام!
وێنەی حەوتەم:  تۆڵە
پێشمەرگەیەکی دێرین
کەبەشداری دەیان نەبردی کردبوو لە گەرمیان
ئێوارەیەکی خۆڵە مێشی
کە قوڕگی ئاخی دەدا بۆی گێڕامەوە:
گەنجێکی ڕەنگ ئاوی و
چاوی وەکو گەڵا سەوز
هەرلەوکاتەی لەعەرعەردا بەزیندووی گەڕابووە
بۆ کوێرە دێیەکەی خۆیان کە لەیلان بوو
هەر لەوێوەوە
لەداخی ئەو سەربازانەی لەبەرچاوی خۆیدا
جەستەی دایکیان ئەتککردبوو
پەیوندی بە شۆڕشەوە کرد
بڕوا بەخۆ و چاونەترس
هەردەم چاوەڕێی سەربازانی بەعس بوو
هەرلەوکاتەی هەڵمەتی برد و
دوای شەڕێکی جوامێرانە پێش شەهیدکردنی
هەرئەوەندەی دەگووت:
من عیسام و
لەهەمان کاتدا لەمامەڕیشە و ئاویش دەچم
ئەوە هاتووم بەهاوڕێیەتی تفەنگەکەمەوە
تا خاکەکەم ئازاد بکەم و
تۆڵەی دایکم و ئابڕووی لەم سەربازانە بکەمەوە
ئارەزوومە ئەمڕۆ شەهید بم و
تا ئاسوودە سەربنێمەوە.

**ئاریێز سمکۆ حوسێن**
**ئازاری ٢٠٠٨ _ هەولێر**